www.regayrasty.com

## سورة ق – سورتی 50 – ژمارەی ئایەتەکانی 45

بسم الله الرحمن الرحيم

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

1. ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ : چەند پیتێک لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان ( 14 ) پیتە ، نیوەی کۆی پیتەکانی زمانی عەرەبین ، بۆ سەلماندنی (اعجاز) و مەزنی و گرنگی قورئان کە لە توانای هیچ کەسدانیە بەو پیتانە کتێبێکی ئاوا بێوێنە دابنێت بەرادەیەک هەتا هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری کۆ ببنەوە بۆ ئەو مەبەستە ، بێگومان چەندەها نهێنی تریشی تیایە ، زاناکان لە هەندێکی دواون ، هەندێکیشیان وتویانە : هەر خوا خۆی زانایە بە نهێنی ئەو پیتانە . سوێند بەم قورئانە کە خاوەنی رێز و شکۆمەندی یە ( تۆ ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) نێردراوی لەلایە خواوە )
2. بَلْ عَجِبُوا أَن جَاءهُمْ مُنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا شَيْءٌ عَجِيبٌ : خەڵکی ، باوەڕیان نەکرد ، بەڵکو سەرسام بوون لەوەی کە یەکێک لە خۆیان نێردراوە تادایان بچڵەکێنێت و بێداریان بکاتەوە ، جا کافران وتیان : ئەمە شتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرە ، بۆیە وتیان :
3. أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ذَلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ : ئایا کاتێک مردین و بووینە خاک زیندوو دەبینەوە ؟! دوای مردن گەڕانەوە ئەستەمە ! ( پەروەردیگاریش لە وەڵامیاندا دەفەرموێت ) :
4. قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ : بەراستی ئێمە زانیوومانە کاتێک کە مردن ، زەوی چۆن بەرەبەرە لاشەیان دادەرزێنێت و دەیکاتەوە بە خاک ، ئێمە تۆمارگەی تایبەتیمان هەیە ، کە هەموو شتێکی تێدا تۆمارە و هیچ شتێک لەبارنی ئەوانەوە لە ئێمە شاراوەو بزر نیە .
5. بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءهُمْ فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَّرِيجٍ : بەڵام ئەمانە دژی راستین و بڕوایان پێ نەهێناوەکاتێک بۆیان هات ، بەهۆی ئەوەوە ئەوانە لە سەرگەردانی و

سەرلێشێواوییەکی ئاڵۆزدا دەژین ( هەر رۆژەی قسەیەک دەکەن ) .

6. أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاء فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ : ئایا ورد نەبوونەتەوە لەو ئاسمانەی کە بە راسەریانەوەیە : چۆنمان دروست کردووە و رازاندوومانەتەوە بەجۆرێک هیچ کەم و کووڕی و کەلێنێکی تێدا نی یە ؟!

7. وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ : هەروەها زەویمان راخستووە و بڵاومان کردۆتەوە و کێوو کێومان لەسەری دامەزراندووە و لە هەموو جۆرە روەکێکی جوان و ڕازاوەمان تیادا رواندووە .

8. تَبْصِرَةً وَذِكْرَى لِكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ : ئەمانە هەر هەمووی بۆ رۆشنکردنەوەی دڵ و یادخستنەوەیە بۆ هەموو ئەو بەندانەی کە بەلای ئێمەدا دێنەوە و رەزامەندی ئێمەیان مەبەستە .

9. وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاء مُّبَارَكًا فَأَنبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ : لە ئاسمانەوە ئاوێکی بە پیت و بەرەکەتمان هەردەم دابەزاندووە جا بەهۆی ئەوەوە چەندەها باخ و دانەوێڵەی ئەو کشتوکاڵانەی کە درەو دەکرێن ئەروێنین .

10. وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ : هەروەها دارخورمای قەشەنگ و بڵند سەری هەڵدا ، کە هێشووە خورمای جوان و لەسەر یەک و ریزکراو دەگرێت .

11. رِزْقًا لِّلْعِبَادِ وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ الْخُرُوجُ : ئەمەش بۆ ئەوەی ببێتە رزق و رۆزی بۆ بەندەکان ... هەر بەو ئاوو بارانە شوێنە مردووەکان زیندوودەکەینەوە ، هەر ئاوەهایش لە دوای مردن ئێوە لە خاک دێنە دەرەوە .

12. كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَابُ الرَّسِّ وَثَمُودُ : پێش ئەمانیش ، قەومی نوح ، پێغەمبەرەکەیان بە درۆزانی ... هەروەها خاون بیرەکان و هۆزی تمود یش .

13. وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَانُ لُوطٍ : هەروەها قەومی هود و فیرعەون و براکانی لوط ، ( واتە : قەومەکەی ) .

14. وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ : خاوەن باخە چڕەکان و قەومەکەی _ تبع _ یش ، *( کە یەکێک بووە لە پاشاکانی دەوڵەتی حمیەری لە یەمەن ) ...هەر یەکێک لەوان باوەڕیان بە پێغەمبەرەکانیان نەکرد ، بەهۆی ئەوەوە شایستەی پێشهاتنی هەڕەشەی ئێمە بوون .*

15. أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ : ئایا ئێمە لە سەرەتا و یەکەم جاردا کە ئەو خەڵکەمان دروست کرد ماندوو بووین و گیروگرفت هاتە رێمان ؟! نەخێر ماندوو نەبووین ، بەڵکو ئەوان لە گوماندا بەرامبەر بە دروست بوونەوەیەکی تازە .

16. وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ : سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئادەمیزادمان دروست کردووە و دەزانین چی بە دڵ و دەروونیدا دێت ... ئێمە لە شارەگی دڵی لێی نزیکترین .

17. إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ : کاتێک دوو فریشتە چاودێرەکەی ئادەمیزاد کە لەلای ڕاست و چەپیەوە دانیشتوون ، ( هەموو گوفتارو کردارێکی تۆمار دەکەن بە دەزگای زۆر پێشکەوتوو ) .

18. مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ : هەر قسەیەکی لە دەم دەردەچێت خێرا چاودێرێکی ئامادە ، تۆماری دەکات .

19. وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ : ئەی ئینسان ، تەنگانەی مردن و ئازارەکانی هات ، هاوڕێ لەگەڵ ڕاستییەکاندا ، ئەوسا پێت دەوترێت : ئا ئەوە بەسەرهات و ڕووداوەیە کە خۆتت لێ لادەداو پەنات لێ دەگرت .

20. وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ : لەوەودوا فوو دەکرێت بە صوردا ، ئیتر ئەوە ڕۆژی پێشهاتنی هەڕەشەوو ئاگادار کردنەوەکانە .

21. وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ : ڕۆژی قیامەت دێت و هەموو کەسێک دوو کەسی لەگەڵدایە ، یەکێکیان دەیگەیەنێت و ئەوەی تریشیان شایەتە بەسەریەوە .

22. لَقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءَكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ : بە یەکەیەکەی بێ باوەڕان دەوترێت : سوێند بەخوا بەڕاستی تۆ لەم بەسەرهاتانە نا ئاگابوویت و گوێی خۆتت لێ خەواندبوو ، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوەو هەموو شتێک وەکو خۆی دەبینیت و ئەمرۆ چاوەکانت تیژە ...

23. وَقَالَ قَرِينُهُ هَذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ : فریشتەی هاوەڵ و چاودێری ڕوو بە پەروەردگار دەڵێت : هەرچی کاروکردەوەی ئەم ئادەمی یە هەیە هەمووی ئەوەتە لای من و یاداشت و تۆمارم کردووە .

24. أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ : ( دوای لێپرسینەوە ، خوا فەرمان دەدات بە دوو فریشتەکە ) هەرچی کافرو بێ باوەڕێکی سەرکەش و بوغزن هەیە فڕێی بدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە ...

25. مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ : ئەوەی کە هەمیشە بە توندی قەدەغەی هەموو خێرو چاکەیەکی دەکرد ، مافی خەڵکی پێشێل دەکرد ، خۆی بە گومان بوو ، خەڵکیشی دەخستە گومانەوە ....

26. الَّذِي جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ : ئەوە بوو کە هاوەڵ و شەریکی بۆ خوا بەڕەوا دەزانی ... کەواتە ئێوە هەردووکتان ئەو ئادەمی یە فڕێ

بدەنە ناو سزای سەختەوە .

27. قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِن كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ : هاوەڵە شەیتانەکەشی پاکانە دەکات و دەڵێت : پەروەردگارا ، خۆ من لە خشتەم نەبردووە ، من سەرکەشم نەکردووە ، خۆی تاوانبارە ، بەڵام خۆی لە نێو گومڕایی و سەرلێشێواویەکی دووردا نقووم بوو بوو .

28. قَالَ لَا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِالْوَعِيدِ : ( جا ئەوکاتەی شەیتان و ئادەمیزاد لای خوادا دەبێتە کێشەیان ، خوا بێ دەنگیان دەکات ) دەفەرموێت : شەڕە دەمێ لە لای مندا مەکەن ، بەڕاستی من پێشتر هەڕەشەی هاتنی ئەم ڕۆژەم خستبووە بەرچاوتان و ، پێم ڕاگەیاندبوون .

29. مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ : ئیتر قسەو بڕیاری من ناگۆڕێت و هەڵناوەشێتەوە .... من هیچ کات ستەمکاریش نیم لە بەندەکانم .

30. يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ : ڕۆژێک دێت بە دۆزەخ دەڵێین : ئایا پڕ بوویت ؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت : ئایا کەسی تر ماوە خەڵکی زیاتر نیە !؟

31. وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ : لەولایشەوە بەهەشت نزیک خراوەتەوە لە خواناس و پارێزکارو باوەڕداران ، بێ ئەوەی دوور بێت لێیان ، دەوترێت ...

32. هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ : ئەمە ئەو بەڵێنە بوو پێتان درابوو ، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە زۆر تەوبەکارو خۆپارێزن لە گوناهو نافەرمانی خوا .

33. مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ وَجَاء بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ : هەر کەس لە خوای میهرەبان بترسێت و لە پەنهاندا خۆی لە گوناه بپارێزێت و بەدڵێکی بەئاگا و تەوبەکارەوە بۆ بارەگای خوا بگەڕێتەوە ...( جا بەو بەختەوەرانە دەوترێت ) :

34. ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ : بفەرموون بچنە ناو بەهەشتەوە لەگەڵ ئاشتی و ئارامی وهێمنیدا ، ئا ئەوە ئیتر ڕۆژی نەمریی و نەبڕاوەیە .

35. لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ : هەرچیش داوای دەکەن و حەزی لێ دەکەن بۆیان ئامادەیە تیایدا ، زۆر لەوەش زیاترمان لایە .

36. وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي الْبِلَادِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ : خۆ ئێمە چەندەها هۆزو نەتەوەی پێش ئەوانمان لەناو برد ، کە ئەوان لەمان بە دەسەڵاتترو بەتواناتر بوون ... خۆ ئەوان بە شارەکان و شوێنەوارەکاندا گەڕاوان و تێپەر بوون ، ئایا هیچ دەربازبوونێک لە سزاکانیان بەدی کرد ؟!

37. إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ : بەڕاستی ئا لەو

بەسەرهاتانەدا یادەوەری هەیە بۆ کەسێک دڵێکی زیندووی هەنێت ، یاخود گوێ بۆ قورئان رادێرێت ، لە کاتێکدا ئامادەبێت بۆ فەرمانبەرداریی و کردنی هەموو کارێکی دروست .

38. وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ : بەڕاستی ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە بە شەش رۆژ دروستمان کردوون ، هیچ ماندویەتیەکیش روی تێ نەکردین .

39. فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ : جا تۆ ئەی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دان بەخۆتا بگرە لە بەرامبەر ئەو هەموو ناحەقی و نادروستیانەوە کە دەیلێن و دێتە رێت ، ( بۆ بەرگەگرتنی ئەو گیروگرفتانەی کە بۆت پێش دەهێنن ) ، پێش خۆر هەڵاتن و پێش ئاوابوونی تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردیگارت بکە .

40. وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ : لە شەوگاریشدا تەسبیحات و ستایشی خوا بکە ، هەروەها لە دوای نوێژەکانیش .

41. وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ : گوێش بەچاکی رابگرە !! رۆژێک دێت بانگ وێژێک بانگ دەکات لە شوێنێکی نزیکەوە...

42. يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ : ئەو رۆژە دەنگێکی زۆر بەرز و سامناک بەراستیی دەبیستن ، دیارە کە ئەوە رۆژی هاتنە دەرەوەیە لە توێی خاکدا .

43. إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ : بەڕاستی هەر ئێمە ژیان دەبەخشین و دەشیان مرێنین ، گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئێمەیە .

44. يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ : رۆژێک دێت زەوی لە ئاستی ئەوان شەق دەبات و خەڵکی لە گۆڕەکانیان بە گورجی دێنە دەرەوە .... ئا ئەوە کۆ کردنەوەیەکە لای ئێمە کارێکی زۆر ئاسانە ( بۆ لێپرسینەوە ) .

45. نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ : ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) ئێمە چاک ئاگادارین بەوەی کە دەیڵێن و چۆن دژایەتی ئەم راستی یە دەکەن ! ... خۆ تۆ زۆردارنیت بەسەریانەوە تا باوەڕیان بەسەردا بسەپێنیت ..کەواتە تۆ تەنها ئەوەت لەسەرە کە بە قورئان یاداوەریی ئەو کەسانە بکەیت کە لە هەڕەشەکانی ئێمە دەترسن .